# شاعیرەکانی باخی گشتی

## (دیالۆگەری، یان دیالۆگنامە)

**غەفوور سالّح عەبدوڵڵا**
**(سلێمانی)**

ئێوارەیەکی درەنگ، بۆنی چۆڵەوانی و کپی لەگەڵ بێدەنگی و خامۆشی خەستی پاسارییەکان تێکەڵ ببوون و لەسەر درەختە لەیەک دوورەکانی ببوونە هەناسەیەکی سەرەتای شەوێکی دەمەو پاییزێکی لە دوورەوە هاتوو، تازە دوا خشپەی خەڵکانی ئاوارە و دەستبەتاڵ ئەو ناوەیان جێ هێشتبوو، لەسەر گەڵا وردەکانی درەختەکانی ڕێپێلگە چەمەنتۆییەکان، وەکو تۆز و گەرد نیشتبوونەوە. نەمزانی ئەو دەمەو ئێوارەیە چۆن وا لە سەر ئەو تەختە بەردینەی ناو باخەکە خەوم لێکەوتبوو ! داخۆ لە مەراقان بووبێت، یان لەبەر برسیەتی بوو بێت، ئەی بۆچی لەبیرم چوو بوو بچم لەناو بازاڕ لە کەبابخانەیەک لوولە کەبابێک بخۆم..! دواجاریش خۆم بکەم بە مەیخانەکەی فەرمانبەراندا... نەمزانی تومەز ئەو هەمووەی کە دیبووم خەون بوو.. لە خەونەکەمدا نەمزانی وەخت کەیە، شەوە، ڕۆژە، بەیانییە، چییە؟ هێندەم زانی کۆمەڵە کەسێک، هەموویان خڕ لە دەورم کۆبوونەتەوە، یەکێکیان وتی: (نەگبەت ئەوە چییە بێ کەس و بەرەڵڵای وا لەم باخە ساردوسڕە گرمۆڵە بووی و خەوتووی!، ئەوە ئێمە خوا غەزەبی لێگرتووین و بووین بە بەرد، ئەی تۆ چی؟!.)

منیش هیچم بۆ نەوترا، لە ناو لێڵاییەکەدا سەرو سیمایەکی پیرو تێکچەماوە، کڵاوێکی لەسەر کردبوو، قژ ئاڵۆزاو و ناڕێک، بۆم دەرکەوت ئەو کابرایە خاوەنی کەشتییەکەی (نووح) بوو، منیش هەر بۆ گاڵتە پێم وت:

– ها، مام نووح، چۆنی، ڕاستە تۆ عومری نووحت هەیە..!

ئەویش بەدەم و دوویەکی نیمچە تووڕەوە پێی وتم:

– هەتیوی ڕەزا قورس، مام نووحی چی و تەڕەماشی چی؟ من نەجمەدین مەلام..

دامە قاقای پێکەنین و وتم:



- چۆنه ئێستا قاپێک عەتری نافیعت بۆ بهێنم؟!
دیار بوو، نەختێ بەم قسەیەم ورەی هاتەوەبەر و دڵی خۆش بوو، کە دیارە من چاکی دەناسم، بۆیە وتی:
- بۆ ئێستاش عەتری نافیع هەر ماوە؟!
- هۆهۆ.. سلێمانی ئێستا هەموو عەتری نافیع خانەیە. ئەوەتا لەو بەرەوە، بەرانبەرت، (دەستم درێژکرد بۆ بەرانبەر کە دەکاتە یانەی فەرمانبەران)، ئەوەتا ئەوە نادی مۆزەفینە..
ئەویش بە سەر سوڕمانەوە وتی:
- بۆ هێشتا ماوە؟ ئەو نادییەی کە (فایەقە فەنی) موریدی بوو؟
- بەڵێ، شەوانە جمەی دێت..
بە حەپەساوییەوە وەڵامی دایەوە:
- بۆ ئەوەنە عارەق خۆر زۆر بوون لەم عەسرەدا..
لەو دەمەدا کابرایەکی سەر و پۆتەڵاک گەرمیانی خۆی کرد بەناو دەمەتەقێکەدا و وتی:
- ئەوەندە عارەق خۆر زۆر بوون لەم عەسرەدا،
بووە بە شەڕی نێرەکەر لەم شارەدا.
منیش تۆزێک لێی تووڕە بووم و وتم:
- مامە شێخ ڕەزا شیعرەکەی خۆت مەگۆڕە کە دەڵێی:
**- چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا**
**- بووەتە حەشری نێرەکەر لەم حوجرەدا..**
ئەویش پێکەنی و بە خۆبادانێکەوە هەڵیدایێ:
-بۆ ئێستاش هەروایە؟
منیش وتم :
-ئۆ هۆهۆ.. خراپتر، کورد نیوەی بووەتە شاعیر، ئەگەر نەڵێم هەمووی!
بە پێکەنینەوە ئاوڕی لە کەسێک دایەوە لەبەر لێڵاییەکە لەمنەوە دیار نەبوو، پێی وت:
- وەرە، شێخ (مەحوی)، بزانە ئەم گەنجە قۆزە چی دەڵێ..
شکور هوشیاری..ها..؟..کەی لە وەختی ئێمە ئەم هەموو شاعیرە هەبوو؟ هەبوو نەبوو تۆ و قادر و کوردی و نالی و مەولەوی و سێ کوچکەی بابان..ها..؟.
گوێم لە دەنگێ بوو بە تووڕەییەوە هەڵیدایێ:
- ها شێخ ڕەزا ناوی منت هێنا؟ خۆ منیش شوکری فەزڵی نیم..ها..؟
ئەویش بە شێوە گاڵتەیەکەوە وەڵامی دایەوە:
- ئێ شێخەکەی خاک و خۆڵ و دۆستی شەوانەکەی (مەستوورە خان) خۆ خراپم نەوتووە.. ئەڵێم لە سلێمانی لە تۆ و سالم و کوردی کێی تر شاعیر بوون، لەگەڵ شێخ مەحوی..!
منیش پێم وت:
- مامە مەحوی، دنیاکەی ئێستا بووەتە خەرابات، لە داخی زۆر شت، نەک دنیاکەی ئەوسای ئێوە...
لەولاوە شێخ ڕەزا هەڵیدایە:
- بە بیرم دێ سلەیمانی کە دار و لمولکی بابان بوو،
نە مەحکوومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو..
منیش وشەی (تڕحێو) لەدەمم دەرچوو، کە پێم وت:
- بەڵام ئێستا دارولمولکی کەس نییە..!
شێخ ڕەزا بە سەرسوڕمانەوە پرسی:
- بۆ..؟
-ئیییبتر..!
کۆمەڵێ زەلام لە نێو لێڵاییەکەوە پەیا بوون و لێم کۆبوونەوە، هەموو پێکەوە وتیان
- بۆۆۆۆ...؟
- لەبەر...لەبەر..
ئیدی نەموێرا قسەکەم تەواو کەم وتم:
- برادەرینە وەزیفە ناسکە..
هەموو بەیەک دەنگ وتیان:
- چ ناسکە؟
منیش وتم:
- برادەرینە، من مەئمووری حکوومەتم، قسە بکەم فنیشم ئەکەن..
لەولاوە یەکێک لەنێو لێڵاییەکەوە هەڵیدایێ:
- وا ڕێگاتان لێ دەبەسترێ عێلاتی جاف و بڵباس
ئەگەر مردوون لە گەرمان مەمنوعە بچنە کوێستان
لەولاوە نالی هەڵیدایێ وتی:
- حاجی قادریش کوردایەتی هەستاوە!!
شێخ ڕەزا وتی:
- بەس نییە شوێنێکی دیکەی هەڵنەساوە..!
نەجمەدینی مەلا بە پێکەنینەوە بۆی سەندەوە:
- لێی مەترسێ، چونکی بوخچەی نەکراوەیە..!
هەموویان دایانە قاقای پێکەنین، حاجی قادر تووڕە بوو، بۆیە وتی:

– من له داخی دەسەڵاتی کوردی سەری خۆم هەڵگرت، بۆیە بە بوخچەی نەکراوە و لە دوورە وڵات سەرم نایەوە.!!

نالی وتی:

– بۆ ئەو وڵاتەی کە شێخ ڕەزا بە ئەفسەرەکەی وتبوو: سوارەی یان مەدفەعی، مەعاشەکەت چەندە..

دیسان هەموویان دایانە قاقای پێکەنین، بۆیە شێخیش خۆی دایە قاقای پێکەنین، چونکی زانی مەبەستیان چییە، وتیان:

– بەڵێ...بەڵێ..

حاجی قادر، دیار بوو کە لێم نزیک بووەوە و پێی وتم:

– ئەدی کوڕی چاک پێت نەگوتین، لۆ سلێمانی وەکو جاران دار و لمولکی بابان نییە؟!

بە شپرزەیی ئاوڕی لەم لاو ئەو لای خۆم دایەوە و دەستم کرد بە درۆکردن بۆی و وتم:

– وەڵڵا باوکم، ئەلحەمدولیللا، ئاشتی و ئاساییش لە شاردا بەرقەرارە، شکور گەندەڵی نییە، کەس ماڵی میللەت نادزێت و نایخوات و حەپەلووشی ناکات، هەر چوار پارچەکەی کوردستان بوونەتەوە یەک و هەموو بە زمانێکی کوردی ڕەوان قسە دەکەین. لە خوا بەزیاد بێ تورک و عەجەم و عەرەب حەدیان چییە بە قەرەماندا بێن و دەست لە کاروباری دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان وەردەن، کورد هەر زۆریش لییان بێ منەتە. بە خوا ئێستا زەندەقیان لە ئێمە چووە، لە خوا بەزیاد بێ کەس ناچێت لە ڕقی ئەوی دیکە سوپای بێگانە بهێننە سەر یەکتر. دووبەرەکی هەر باسی مەکە، دووبەرەکی هەر باویشی نەماوە، ئەوە جاشایەتی و سیخوڕی هەرباسی مەکەن! ئەوە کۆنە دەردێکی سەد ساڵی لەمەو پێشی کورد بوو، دەمێکە نەماوە، نەوەی تازە نازانێ شکور جاش و سیخوڕیش واتای چییە!!

ئیدی هەموویان بەو درۆیانەی من گەشانەوەو هەناسەی ئۆخەیان هەڵکێشا و دەستیان بە سەروڕیشی خۆیاندا هێنا.. بەڵام تەماشام کرد لە نێو لێلاییەکە کەسێک هەڵکورماوەو هەنیسک دەدات، هێندەم زانی (خانی) بەرەو ڕووی چوو، بە سەریدا نووشتایەوە و پێی وت:

– یەڵە گیان، ئەوا بۆ کزی و دووری لە ئێمە؟ ئەوە گوێت لێ نەبوو، ئەو کوڕە قۆزە دەیوت شکور هەر چوار پارچەکەی کوردستان یەکیان گرتووە هەموویان بە یەک زمان و بە یەک دیالیکتێک دەئاخاڤن.. سەرەک کۆمارەکەمان عەرەبە و جێگرەکەی تورکە و سەرەک وەزیرانیشی عەجەمە؟!! ئیدی چت دەڤێ؟.

تێگەیشتم ئەو (یەڵە گیانە) خانی مەبەستی بوو، دەرهێنەری گەورەی سینەمای کورد بوو لە تورکیا (یڵماز گونای). ئیدی منیش کزەم لێوە هات بۆی. چونکی ئەو درۆیەی کردبووم بە ئەحمەدی خانی قووت درابوو، ئەویش (گونای) بەسەزمانی پێ خەڵەتاندبوو.

بەڵام لە ناکاو، کابرایەکی هەرە پەڕپووت و ڕیش و قژ درێژ وەکو ئەوەی دەروێشانی کورد و دەستێکی خستە کورت کەلەکەی و بە سەرما نەڕاندی و وتی:

– ئەرێ تۆ پێم ناڵێی بۆ ئەو هەموو شیعرەی منیان شێواندووە و کردوویانە بە زاراوەی سلێمانی..ها..؟

منیش زانیم شاعیرە دێوانەکەی شێتی (شەم)ی جافانە، پێم وت:

– دێوانە گیان، ئەم کوردە لە چ دەردێکایە و جەنابت لە چ دەردێکای... ئەوە لە پیرەمێرد بپرسە، گەر لە جەهەنەم، یان لە جەننەت هاتە خزمەتت..

دیسان بە تووڕەییەوە وتی:

– پیرەمێرد، کێیە؟.

منیش وتم:

حاجی تۆفیق! شاعیر بوو، بەخوای گەورە ئەو نەبووایە ناوی تۆ لە کولەکەی تەڕیش نەمابوو. ئەوەتا مامۆستا کەریم کابان و برا شەهیدەکەی قادر کابان، دوو لە جوانترین گۆرانیان هەیە کە شیعری تۆن.. (ئەی شەمی شەوان) و (یاران وەسیەتم). ئەگینا کێ بەو لەهجەی گۆرانەوە تۆی دەناسی! مژدەت بدەمێ..

بە تووڕەییەوە وتی:

– چییە؟

– گۆڕەکەت لەگەڵ شەم-ی ئامۆزات وا لە ڕێگەی خێڵانە، نەگبەت..

ئیدی بێ دەنگ بوو و کشایەوە.. یەکێکی دیکە لەولاوە هەڵیدایێ، ڕیش درێژێکی کزومات و هەر وڕێنەی دەکرد، نالی وتی:

–ئەو ئاگای لە مەحموودی بێزەوادیش نییە. دنیا برووخێ باکی نییە، ئەو دڵی لە لای عەنبەر خاتوونەکەیەتی.. تۆ بڵێی تاوەگۆزی وەکو خۆی مابێت؟.

ئەمە پرسیارێک بوو شێخ ڕەزا کردی..منیش وتم:
-هەزاران تاوەگۆزی بە ئەنفالێک خاپوور کران، با مەولەویش لە زیکر و فیکری خۆی بێ..
مەولەوی لەولاوە هەڵیدایێ:
-ئەوانە کافرن و نەوەی ئەبو جەهلن...
منیش وتم :
- نەخێر، شێخەکەی تاوەگۆزی تاسەر ئێسقان ئیسلامن و خۆیان بە نەوەی پێغەمبەر دەزانن. ئەگینا سوورەتی ئەنفالیان نەدەکردە پێش قەرەوڵی ئەو هەموو کاولکارییانەی کوردستان!
- وەڵڵا نازانم سەر ڕووت چی بڵێم..!
نالی هاتە پێشەوەو لێی پرسیم:
-ئەرێ، کابرا گەرچی ناوت نازانم، ئەرێ ئێستا حاڵی شێخ هەباس و کانی ئاسکان چۆنن؟
منیش پێم وت:
-قوربان لە شێخ هەباس و کانی ئاسکان
ڕێوی ڕاوەکە لە جێگەی شێران..
- ئەی مەردانی وەکو نەوەی شێخ مارف و ئەوڕەحمانی بابان چییان لێ هات؟
منیش وتم:
- قوربان، ئەوە پێش ڕاپەڕین بوو!
بەسەر سوڕمانەوە وتی:
- کام ڕاپەڕین؟ ڕاپەڕینەکەی پاشای کۆرە، یان ئەوەی خانی لەپ زێڕین دژی سەفەوییەکان؟
- نەخێر، قوربان، ڕاپەڕینێک لەم وڵاتە ڕووی دا، چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، ڕایانماڵی تەخت و تاراجی حوشتر سوارەکان..
- بۆ هێشتا عەرەب لەم دەوروبەرە هەر ماون؟! ئەی تورک و عەجەم چییان لێهات؟
وتم:
- قوربان هێشتا ئەوان سەردارن و ئێمەش دەسبەسەر..
حاجی قادر هاتە پێشەوە و وتی:
- بۆ هێشتا پەیایان نەکردووە ئەسباب و تفاقی جەنگ، لە تۆپ و تەیارە؟!
- نەخێر، ئەگەر هەشمانبووبێ ئاودیومان کردووە..
- بۆ کوێ؟!
- بۆ ئێران و ڕۆم.
- شێخ ڕەزا وتی:
- قەسەم بەوەی دروستی کردووین
- منیش خێرا بەرپەرچم دایەوەو وتم:
- قەسەم بەکێ؟!
- بەوەی دروستی کردووین!!
منیش بەگاڵتەجارییەوە وەڵامم دایەوە و وتم:
-ئەزانی کێ ئێوەی دروست کردووە؟
شێخ ڕەزا بە هەندێ تووڕەییەوە وتی:
-بەڵێ..خوای بانی سەر..!
منیش وتم :
-ئامەنتو.. بەڵام یا شێخ ئەزانی کێ ئێوەی دروست کردووە؟
تووڕە بوو:
- هەتیوەی دەم ڕووت ئەوەندە فڵتە فڵت مەکە وتم، خوای بانی سەر و ببڕێتەوە..
منیش وتم:
-دەسا وەڵڵا کابرایەکی هونەرمەندی کۆتەڵتاشی وەکو زایر سدیق ئێوەی دروست کردووە، ئەگەر خوای بانی سەر ئادەمی لە خۆڵ و قوڕ دروست کردووە، بەڵام ئەم زایر سدیقە ئێوەی لە گەچ و بۆرەک دروست کردووە..
نالی لەولاوە تووڕە بوو:
- چۆن؟
ئێ خۆ ئێوە ئێستا بە ڕۆح زیندوو نین، ئێوە دەمێ ساڵە مردوون، بەڵام زایر ئێوەی کردووەتە کۆتەڵ و لەم باخە ڕۆژانە پڕ لە کچە دایناون..
نەجمەدین مەلا بەسەر سووڕمانەوە وتی:
- ئەڵێم خوایە هەمووومان لووتمان وەکو یەک وایە..
لەو سەرەوەش شەرەفخانی بەدلیسی هەرخەریکی نووسین بوو، شێخ ڕەزا وتی:
- ئەم ماڵوێرانە هەرخەریکی مێژوونووسینە..
منیش پێم وت:
- کام مێژوو؟ ئەو مێژووەی هەمیشە بەکۆڵی کەرەوەیە؟
لەناکاو شەرەفخان لەسەرمان ئامادە بوو، دیار بوو گوێی لەو قسەیەی من بوو بۆیە وتی:
- بۆ خێرە وا بەسەر پشتی کەرەوەیە؟
- لە ترسی ئەوەی نەیدزن...
ئیدی دوای ئەم دەمەتەقێیە هیچم لەبیر نەما، دیار بوو

لە بەرەبەیانێکی درەنگدا لەبەر سەرما بە ئاگا هاتبووم و ئەو ناوەم بە جێ هێشتبوو. تازە خۆرکەوتبوو، هاتمەوە بۆ ناو بازاڕ، هەر کە بەلای باخی گشتیدا ڕەت بووم، دیتم عەشاماتێکی ئێجگار گەورە و گران ئەو ناوەی تەنیبوو. کاتێ بە تەنیشت ئەو خەڵکە دۆش داماو و لێو بە بارەوە ڕەت دەبووم، ئەوەی دەیانوت سەیر بوو، یەکێک بەوی دیکەی دەوت:

– باشە ئەم کۆتەلاّنە بە کەڵکی چی دێن وا دەیدزن، بۆ لابران..؟

– بۆ بران ؟ بۆ کوێ بران؟

– باشە پەیکەری هەر چوار ئەفسەرەکەش، خۆشناو، قودسی، عیزەت، خەیروڵلا...

یەکێک لەولاوە بە تەوسەوە وتی:

– ئیدی مێژوو پێویستی نەماوە قوربان..!!

– یەکێکی دی دەیوت:

– دیارە ئەفسەریان کەمە، ناهەقیان ناگرین سەرلەنوێ سوپا دروست دەکەنەوە..!!

لەپڕ کەسێک بە هەڵە داوان و هاتو هاوارەوە خۆی کرد بە ناو عەشاماتەکەدا و دەیوت:

– هەرچی پەیکەری شار هەیە، ئەم شەو هەمووی براون، یان دزراون.. ئەی ڕۆ ڕۆ وەی لێ لێ وەی لۆ لۆ..

دەنگێ لە غەیبەوە بە سۆزەوە ئەم گۆرانییەی دەوت و کەس گوێی لێ نەبوو:

**نە مێژوو سنوورە و نە سنوور مێژووە**
**لەو سنوورانە کەس خاوەنی خۆی نییە**
**لەو سنوورانە کەس کەرامەتی نییە**
**تەنیا پۆستاڵی ئۆردووەکانی دوژمن**
**مێژووی من دەنووسنەوە**
**لەو سنوورانە کەس خاوەنی نامووسی**
**کیژانی خۆیشی نییە**
**ئەو سنوورانە هەمووی مەرزن**
**بۆ ئاودیو کردنی پەیکەری مێژوو**
**بۆ ئاودیوکردنی پەیکەری ئابڕوو...**

**٢٠٠٧/١٠ سلێمانی**